دەستگیرکردنی دوو کەس بە تۆمەتی کوشتنی زاوایەکیان

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر دەستگیرکردنی دوو تۆمەتباری راگەیاند کە باوک و کوڕەکن بە تۆمەتی کوشتنی زاوایەکیان لە یەکێک لە گوندەکانی شاری هەولێر.

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر لە راگەیەندراوەکدا ئاماژەی بۆکردووە: "دوای ئاوڕی لە 23ـی کانوونی یەکەمی 2023، هاووڵاتی (محەممەد شەعبان) لەلایەن ماڵی خێزورانی لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە گوندەکی قەتاوی شاری هەولێر کوژرا، دەستبەجێ لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ (بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر و پۆلیسی هەولێر دەستکرا بە لێکۆڵینەوە".

ئاسایشی هەولێر ئاماژەی بۆکردووە، لە لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوت تۆمەتباران هاتوون بە یەکێک لە شارەکانی خواروووی عێراق، دوای دەرچوونی فەرمانی دەستگیرکردن لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایشی هەولێر، بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی پارێزگای سەڵاحەددین، دووکەس لەو تۆمەتبارانە بەناوەکانی (ف. ز. ح.) و(ه. ف. ز.) دەستگیرکران و ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر کران.